به ناوی كوردستانی گه‌وره .
ح .س . سۆران .
soransa@hotmail.com

## په‌یامی ح. س. سۆران به بۆنه‌ی هاتنی ساڵی 2706 ی كوردیه‌وه .

### به‌ره‌و نه‌ورۆزه ، هه‌زاره‌ی سێیه دڵنیام مافی كوردیشی پێیه .

وه‌ك پێشمه‌رگه‌یه‌كی هه‌ره چكۆله و دێرینی مه‌ته‌رێزی فه‌رهه‌نگی كوردایه‌تی ، هاتنی نه‌ورۆزی شازی كورده‌واری و گه‌یشتنی ساڵی 2706ی كوردی له ته‌واوی هاوزمانه‌كانم ، له هه‌ر پێنج پارچه‌ی كوردستانی گه‌وره‌ی به‌شكراو و له ته‌واوی تاراوگه‌كانی جیهان پیرۆز بایی ده‌كه‌م . به هیوام ، ساڵی 2706 ، ساڵی گه‌یشتن به ئامانجه مه‌زن و به‌رزه ره‌واكانمان بێ .

به‌ڵام ، به بیروڕای من ، بۆ قه‌ره‌بووكردنه‌وی وه‌دواكه‌وتنه‌كان و گه‌یشتنی خێراتر به ویسته سه‌ره‌كیه‌كانمان ، هێندێك له‌و خاڵانه‌ی كه ده‌بێ له‌مه‌و دوا به چه‌شنی بنه‌وشتتر و شێلگیرتر له به‌رچاویان بگرین ، ئه‌مانه‌ن :

داواكرنی كوردستانی گه‌وره‌ی سه‌ربه‌خۆ .

- هه‌ڵگرتنی چه‌كی شه‌ره‌فی زانست ، سه‌نعه‌ت و ئه‌ندێشه .
- پاراستنی زمان و فه‌رهه‌نگی ره‌سه‌نی كوردی
- كوشتنی ڤیرووسی كوژه‌ری دووبه‌ره‌كێ و خۆخۆری .
- له چاڵ نانی درنجی دزێوی منمنایه‌تی و تاقم بازی .
- سپاردنی هه‌ر كارێك به كارزانی تایبه‌تی خۆی .
- وه‌لانانی ساكاری و خۆشباوه‌ڕی رامیاری .
- ناسیاوی فره‌تر له‌ته‌ك باژاڕۆكی چكۆله‌ی جیهانی دا .
- هه‌وڵ دان بۆ رۆشن كردنه‌وه‌ی كاكه‌شانی ئاسمانی پانی كوردستان، نه‌ك تاقه ئه‌ستێره‌ی په‌ڕی كه‌سایه‌تی خۆمان .
- له نێوبردنی دڵه‌دڕاوكێی { له‌ترسان و له‌برسان } .

# بەرەو نەورۆز

جەژنی کوردانە، بەرەو نەورۆزە
یادی مێژویی سەرکەوتی هۆزە
کاوەی ئاسنگەر بە کوتکی بەهار
دەردێنێ ریشەی زستانی لاسار
بەرەو نەورۆزە, بەهار دێتەوە
هەوا ئەگۆڕێ ،بەفر ئەتوێتەوە

هەتاوی نەورۆز تەم ئەتارێنێ
پڕشەی گزنگی دائەبارێنێ
بەهار نزیکە، ئاسۆ رووناکە
دەست بگرن بەگەڵ، یەک کەون چاکە
بەرەو نەورۆزە، هەزارەی سێیە
دڵنیام مافی کوردیشی پێیە

شنەی دەم بەیان, دڵ ئەلاوێنێ
مزگێنی پێیە، پڕ بە داوێنێ
بێنی وەنەوشە، زەوی مەست ئەکا
خەفەت لا ئەبا ، گەل سەربەست ئەکا
بەرەو نەورۆزە, هەرچی عیسانە
جیاوازی نیە، پاکی یەکسانە

کوردی داسنی و شیعەو مووسایی
سوننی و ئەهلی حەق، گەور وعیسایی
دەستی یەک ئەگرن، لەکۆڕی شادی
ئەیکەن بەمەشعەل، چرای ئازادی
ئەیبەن بۆ دوندی سەربەرزی شاهۆ
چراخان ئەکەن ، خاکی پاکی تۆ

دیسانەوەسروشت وا ئەژێیتەوە
هەور ئەگرمێنێ ، باران دێتەوە
سێڵاو هەڵ ئەستێ ، لافاوی بەسام
لەشار و لەدێ ،لەچۆڵ و شەقام
زەوی ئەماڵێ، بەو هێزە بەرزە
ئەیبا بۆ دەریا, گژوگیای هەرزە

لەجێی کەرکۆڵی کۆنی چەند ساڵە
گەزیزەئەڕوێ ، لەم کوردەماڵە
هێرۆ و شلێرەو پۆلی گوڵەباخ
ئەبن بەتارای،بووکی کێو و شاخ

قومری لەسەربان، مەقام ئەخوێنێ
کوندەبوی خەوتو، رائەپەڕێنێ

لەجێی حەبیبەی نالی خاک وخۆڵ
کیژانی (زانا) هەڵ ئەماڵن قۆڵ
گووەند ئەگێڕن ، فریشتەی زانین
گۆرانی ئەڵێن, سروودی ئەوین

بانگی رزگاری ئەخوێنن لێرە
چەپڵەلێ ئەدەن, مانگ و ئەستێرە

ئاپۆی چکۆلەی، رانک و چۆغەمۆر
لەرۆژی نوێدا،چەشنی تیشکی خۆر
شەوی نەزانین ، ئەکەنەو رووناک
چەوتی ئەکوژن،بەهۆی هەستی پاک

لەخەو هەستاوین ،بەرەو نەورۆزە
شەختە کەنەفتە، سروە پیرۆزە

گوڵاڵەی سووری ئەم خاکەپانە
پەرچەم هەڵ ئەدا لەم کوردستانە
لەژێر ئاڵایا، پەپوولەی هەژار
داوەت ئەگێڕن ، ملیۆن و هەزار

بەرەو نەورۆزە،شایی و سەیرانە
لە کۆلی ئەدەن خێڵی پەروانە

بەهار نزیکە، ئاسۆ رووناکە
دەس بگرن بەگەل،یەک کەون چاکە
شنەی دەم بەیان ، دڵ ئەلاوێنێ
مزگێنی پێیە پڕ بەداوێنێ

ئەڵێ نەورۆزە, هەزارەی سێیە
دڵنیام مافی کوردیشی پێیە